**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٥٤٢ لە ٢٠٢٢/٧/٢١**

پاڵپشت بە ماددەی ( ١٨/ بڕگەی سێیەم) لە یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە (٣) بڕگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی چەكداری وە هێشتنەوەی ئەو چەكانە تەنها لە دەست هێزە چەكدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئاسانكاری جێبەجێكردنی یاسای چەك، بریارماندا بەدەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی داماڵینی چەكی جەنگی و تۆماركردنی چەكی ئاگرین**

**ماددەی (١):**

داماڵینی گشت ئەو چەك و تەقەمەنییانەی كە لە دەرەوەی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەكان لە هەرێمی كوردستان بوونیان هەیە.

**ماددەی (٢):**

**داماڵینی چەكی جەنگی بەم ڕێكارانەی خوارەوە دەبێت:-**

١- كردنەوەی (١٢) بنكەی كۆكردنەوەی چەكی جەنگی لە پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش .

٢- پێویستە هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان ئەو چەكە جەنگییانەی كە لە لایانە لەگەڵ تەقەمەنییەكانیان لەو بنكانەی بڕگەی (١) سەرەوە ڕادەست بكەن.

٣- وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش (١٢) لیژنە پێك دەهێنێت بەمەبەستی وەرگرتنەوەی چەكی جەنگی و تەقەمەنییەكانیان لە بنكەكانی وەرگرتن.

٤- وەزارەتی ناوخۆ شوێنی بنكەكان دیاری دەكات و گشتاندنی پێ دەكات.

**ماددەی (٣):**

تۆماركردنی چەكی ئاگرین وەك كلاشینكۆف و هاوشێوەكانی كە قەبارەی فیشەكی (٣٩ × ٧,٦٢م) زیاتر نەبێت و تەقەمەنیەكانیان، و چەكی ئاگرین لە جۆری دەمانچە و تەقەمەنیەكانی كە قەبارەی فیشەكی لە (٩م) زیاتر نەبێت بەم ڕێكارانەی خوارەوە دەبێت:-

١- وەزارەتی ناوخۆ (٤٠) بنكەی كۆكردنەوەی چەكی ئاگرین لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی پۆلیس لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان و بەشی پۆلیس لە قەزاكان دەكاتەوە بە مەبەستی تۆماركردنی ئەو چەكانەی كە لەم ماددەیە دیاری كراوە.

٢- وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش (٤٠) لیژنە پێك دەهێنێت بە مەبەستی تۆمارکردنی چەك و تەقەمەنییەکانی.

٣- وەزارەتی ناوخۆ شوێنی ئەو بنکانەی برگەی (١) دیاری دەکات و گشتاندنی پێ دەکات.

٤- چەکی تۆمارکراو لە لای خاوەن چەك دەمێنیتەوە بە مەرجێك بەڵێننامە پڕبکاتەوە کە چەکەکەی لە ماڵەوە دابنێت یان لە شوێنیکی پارێزراو وبە هیچ شێوەیەك هەڵینەگرێت وبەکاری نەهێنێت ونەیبەخشێت و نەیفرۆشێت .

**ماددەی (٤):**

ئەو چەکانەی کە ماددەی (سێیەم)ی سەرەوە نایانگرێتەوە، پێویستە بەپێی ماددەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە ڕادەست بکرێت .

**ماددەی (٥):**

وەزارەتی ناوخۆ تۆمارێکی داماڵینی چەکی جەنگی پاشکۆی ژمارە (٢) و تۆمارێکی تۆمارکردنی چەکی ئاگرین پاشکۆی ژمارە (١) ئامادە دەکات بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو چەکانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراون.

**ماددەی (٦):**

وەزارەتی ناوخۆ سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دادەمەزرێنێت بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو زانیارانەی کە لە ڕێگای تۆمارەکانی ماددەی (پێنجەم) تۆمار دەکرێن و لە بنکەکانی داماڵین و تۆمارکردن لە لایەن لیژنەکان لە ناو ئەم سیستەمە تۆمار دەکرێن.

**ماددەی (٧):**

لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگاداری گشت هاوڵاتیان دەکرێت ئەوانەی چەکی قورس و مام ناوەندیان لایە لەو ماوەیەی کە دیاری کراوە لەم ڕێنماییە پێویستە چەکەکانیان ڕادەستی بنکەکان بکەن، و هەروەها ئاگاداری ئەو هاوڵاتیانە بکەن کە چەکی کلاشینکۆف و هاوشێوەکانی وچەکی دەمانچەیان لایە لەو ماوەی دیاری کراوە چەکەکانیان تۆمار بکەن.

**ماددەی (٨):**

لیژنەیەکی باڵا پێك دەهێنرێت لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ و ئەندامیەتی (بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەت، بەرێوەبەری گشتی دیوان، بەرێوەبەری گشتی پۆلیس، نوێنەری دەزگای ئاسایشی هەرێم، نوێنەری ئەنجومەنی ئاسایش و نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە)کە پلەی هیچ کامیان لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت،بە مەبەستی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی داماڵینی چەك لەهەرێمی کوردستان کەهەر(٣٠)ڕۆژ جارێك کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن.

**ماددەی (٩):**

دوای تەواوبــوونی ئەو وادەیەی کە لەم ڕێنمـاییە دیـاری کـراوە وەزارەتـی نـاوخۆ (٨) لیــژنە پێـك دەهێنرێـت لە پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆکان بە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی پێویسـتی خـاوەن ئەو چەکانەی کە تۆمارکراون بەپێی ماددەی (سێیەمی) ئەم رێنمایە بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر پێدانی مولەتی چەك پێیان بەپێی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

**ماددەی (١٠):**

دوایــی مـاوەی یەك سـاڵ لە بەرکـاربوونی ئەم ڕێنمـاییە ، هەر چەکێـك دەسـتی بەسـەردا بگیرێـت هەڵگرەکەی یان خاوەنەکەی بەپێی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕەوانەی دادگا دەکرێت .

**ماددەی (١١):**

هەر هاووڵاتیەك چەکی لەدەستدا بگیرێـت لێـی وەردەگیرێـت و لە یەکێـك لە بنکەکـانی تۆمـار کـردن تۆمار دەکرێت .

**ماددەی (١٢):**

پرۆسەی پێدانی مۆڵەتی چەك بەپێی یاسای چەك ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠٢٢ و هەر ڕێنمـاییەکی تـر کە بەپێی ئەم یاسایە دەربچێت بەردەوام دەبێت.

**ماددەی (١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە بۆ ماوەی یەك سـاڵ کـاری پـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی فەرمـی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

هەر کەسێك دوای تەواوبوونی ماوەیەی کە لە (ماددەی سیانزدەیەم) دیاری کراوە چەکە ئـاگرینەکەی تۆمار نەکات و چەکە جەنگیەکەی ڕادەست نەکات ، ئەوا بە چەکـی قاچـاغ دادەنرێـت و بەپێـی یاسـا رەفتاری لەگەڵ دەکرێت.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

فۆرمی ژمارە (١)

Photo

**(فۆرمی تۆمارکردنی چەکی ئاگرین)**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگا/ئیدارە:........................**
**ناوی بنکەی تۆمارکردن:................**

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | لەدایکبوون | ڕەگەز | گروپی خوێن | ڕەگەزنامە | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

**زانیاری ناونیشان**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | شارۆچکە | گوند |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی پسولەی خۆراک | شوێنی دەرچوونی پسوولە | بەرواری دەرچوونی پسوولە |
|---|---|---|
| | | |
| ژمارەی ڕەگەزنامە | بەرواری دەرچوونی ڕەگەزنامە | فەرمانگەی ڕەگەزنامە |
| | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوونی کارتی زانیاری | بەرواری دەرچوونی کارتی زانیاری |
| | | |

| ژمارەی پێناسی باری شارستانی | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەرە | فەرمانگەی ناسنامە |
|---|---|---|---|
| | | | |

| ژمارەی کارتی نیشتمانی | ژمارەی خێزانی | شوێنی دەرچوونی کارت |
|---|---|---|
| | | |

**زانیاری چەک**

| جۆری چەک | ژمارەی چەک | ژمارەی مەخزەن | بڕی فیشەک |
|---|---|---|---|
| | | | |

من کەناوم لەسەرەوە هاتووە بەڵێن دەدەم کە زانیارییەکانی ناو ئەم فۆرمە ڕاست و دروستن و تا ئاگادارکردنەوەم بە هیچ شێوەیەک ئەم چەکە و تەقەمەنیەکانی نایفرۆشم یان بیبەخشم یا هەلیگرم یان بەکاری بینم بە پێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر یاسا.

پەنجەمۆر

__تێبینی:__ بۆ تۆمارکردنی هەر چەکێک پێویستە خاوەنی چەک وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی قەبارە(٤×٣سم) لەگەڵ ئەم بەڵگەنامانەی سەلماندن (ڕەگەزنامە، ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی)و پسولەی خۆراک لەگەڵ خۆی بهێنێت.

| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |

فۆرمی ژمارە (٢)

Photo

**(فۆرمی داماڵینی چەکی جەنگی)**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**پارێزگا/ئیدارە:..........................**

**ناوی بنکەی تۆمارکردن:..................**

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | لەدایکبوون | ڕەگەز | گروپی خوێن | ڕەگەزنامە | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

**زانیاری ناونیشان**

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | شارۆچکە | گوند |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی پسولەی خۆراک | شوێنی دەرچوونی پسوولە | بەرواری دەرچوونی پسوولە |
|---|---|---|
| | | |
| ژمارەی ڕەگەزنامە | بەرواری دەرچوونی ڕەگەزنامە | فەرمانگەی ڕەگەزنامە |
| | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوونی کارتی زانیاری | بەرواری دەرچوونی کارتی زانیاری |
| | | |

| ژمارەی پێناسی باری شارستانی | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەرە | فەرمانگەی ناسنامە |
|---|---|---|---|
| | | | |

| ژمارەی کارتی نیشتمانی | ژمارەی خێزانی | شوێنی دەرچوونی کارت |
|---|---|---|
| | | |

**زانیاری چەک**

| جۆری چەک | ژمارەی چەک | ژمارەی مەخزەن | بڕی فیشەک |
|---|---|---|---|
| | | | |

من کەناوم لەسەرەوە هاتووە بەڵێن دەدەم کە زانیارییەکانی ناو ئەم فۆرمە ڕاست و دروستن بە پێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر یاسا.

پەنجەمۆر

<u>تێبینی:</u> بۆ تۆمارکردنی هەر چەکێک پێویستە خاوەنی چەک وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی قەبارە(٣×٤سم) لەگەڵ ئەم بەڵگەنامانەی سەلماندن (ڕەگەزنامە، ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی)و پسولەی خۆراک لەگەڵ خۆی بهێنێت.

| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|---|
| ناو: | ناو: | ناو: |